www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-11-2007 14:17

ژن و بەهار ... نەجات روستی

چواروەرزی ساڵ بەدوایەیمنی، لانەیەك بۆ خۆشەویستدا دەگەڕێم تائەوحەزەگەورانەی هەمەلە نێودەلاقەیەکی گچکەی رووەو رووناکییەکییەڕلە عەشق و ئەوین هەنگاوەپچڕ پچڕەکانم هەڵێنم، چونکە لەوەتەی هەم ئەو وەرزەم بەخۆوە نەبینیووە کە بتوانم پڕبە گەرووی خۆم بڵێم ئۆخەی یەکەمجار بەسۆزو ئەڤینێگی زۆرەوە لەگەڵ یەکی ئاشنا بووم کەپێم وابوو ئیدی تەواو دەبی لەوهەواری عەشقەداچۆڵەوانییَەك بۆخۆم ئاوەدان بکەمەوە جارێگی تر رووەو چۆڵەوانی هەنگاو هەڵنەهێنمەوە کەچی دوای دووساڵ وچەند ڕۆژێك حسابی من لەگەڵ ئەوتەوا وبووبیئەوەی بزانێ من چی دەڵێم ئەوبەردە نەگریسانەی کەهەموو ڕۆژیسێجار بەیەکیدا دەدان، دایە دەستم لەو رۆژەوە ئیتر یەکتری ناناسینەوە، ئەوهەموو یادەوە بیانەمان سڕییەوە کەپیشتر بەبێخواستیمن و بەدڵخوازیی ئەو لەنێودەفتەرێکی کرچ و کاڵدا تۆماردەکران، من ئە و رۆژەم لەیادە. چونکە لەوەتەی بەدەفتەریئەو ئاشنابووم رۆژێ نەمدی تەنهادێڕێکی هەڵەش بسڕیتەوە کەرۆژانە تەنهایەك وشەی راستی لەو دەفتەرەدا تۆمارنە کرد، ئیدی نەمتوانی لەگەڵ ئەوهەموو وشەو پتانەدا هەڵبکەم کەرۆژی چەند لەنێویاندا غەرق دەبووم نەمتوانی لەنێولێفەیەك بمێنەوە کەژێرەوەی پڕبوو لەپیلان و تەنها بۆدامرکانەوەی، حەزێکی هەڵچووی گەرمیدەکرە، ئەوە شتانەی کەپڕبوون لەبەستەڵەکی و نبوون بەسەرچوون، بەدوای خۆشی ژیان بزانم هەموو ئەوگاتانەم لەبیرچێتەوەکەڕۆژ نەبووپەتیسێدارە نەخرێتە ملی حەزەکانم تائەو بەهارەم دوور لە بیرکردنەوە دۆزییەوە کەیەکتریمان ناسی لە ژووەو بچووکەکەی تا چەند مانگێَك مەست بووم لەنێوباخەڵیا بیهۆشکەوتم بەخەبەر هاتمەوە کەبەهاری بەیەك کەیشتمان تەواوببوو ئەوچەند دێڕەی سەرەوە رازی ژنیکی بەدبەختی ئەم دەفەرەی ئێرەیە لە سەر زمانی خۆی دەڵی پاش ئەوی لەمێردی یەکەم بەهۆی کەم عەقڵییەوە جیابوومەوە تەنها یادگاری ئەوکە لە لامە کورێکی چاوکەشی ژیکەڵەیە هەموو ڕۆژی لەگەڵ خۆرەتاوا داوای بابە دەکات باش دانیشتنی. دووساڵ، بە دیار تەمەنمەوەو ژیانێکی مەژیو مەمرە بڕیارمدا جارێکی ترلەگەڵ پیاویکیژیردا بژیم کەهەموو ئەوئارەزووانەی هەمە بۆم مەیسەربکات، بەڵام نەمزانی ئەویش لەبەهاردا بەهۆی پاشماوەی کیمیا بارانی سالی1988ی هەڵەبجە وەك، پیاوی یەکەم کە زستان تەواودەبێ لەهەڵە لەگەل سەرەتای بە هار دەگەڕێتەوە بۆ بو هەلەبجە تا بە هار تەواو دەبی ناگەریتەوە لەم کاتە وە ك شیت وایە هیچ قسە یەکی لە سەر یەك نییە وەك شێت هەلسو کە وت دەکات بە یادی ئەم کارە ساتە هوشی نایتەوە تا ناوەراستی هاوین، منیش ناچارم ژیانی لە گەل بەسەربەرم وەك منالْ خزمەتی کەم بۆییە دەلێم خۆزگە وەرزی بەهارلە ساڵ دا نەمابا.

-گۆشەیەکی تایبەتە بۆ هەفتەنامەی ژیانەوە دەنوسری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.